
AbasShiwan عەباس شوان

# نیوەی لاپەڕەکانی قورئان بدڕێنن!




Wolfgang Amadeus Mozart 1756– 1791

Groep Wilders خیرت یان گیرت وڵدرز Foundation، تەمەن 42 ساڵ لەدایکبووی ساڵی 1963. ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندی، کەسایەتییەکی جەنجاڵئامێز، بەیەکێ لەو سیاسیانە دەژمێررێت کە زۆرترین تیشک و فلاشی بەهۆی داخوانییەکانییەوە بەرکەوتووە. ئەوەیش لەقەبی جۆراوجۆری بۆ هێناوە؛ لەوانە و گرنگترینیان سیاسییەکی خاوەن یەک دید، مۆزارتی توند یان تووڕە، لەبەر ئەوەی مۆدێلی قژی سەری بەمۆسیقاژەن بەنێودەنگ مۆزارت دەچێت و ڕیکدەخات.

فەلسەفەی کار و ژیانی؛ بەڕووبەڕووبوونەوە و بێزارکردن وا لەوەی بەرامبەرت بکە لێت بێتە وەڵام.
بەر لەماوەیەک سەر بەپارتی لیبراڵی V DV بوو، لەبەر ئەوەی ئەو پارتە دەنگی بۆ هاتنە ناوەوەی تورکیای بۆ ناو ئەورووپای یەکگرتوودا، هەروەها لەدژی ئەو خاڵەی لەدەستووردا هاتووە باس لەفرە ئایینی دەکات، وازیهێنا و وەک پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ درێژە بەکاری سیاسی خۆی داوە. ئەو بەناهەقییەکی گەورەی دەزانی هەژموونی هەردوو ئایینی کریستان و جوولەکە بەفەرمی نەناسرێت .

ئەنتی ئیسلامی لای تۆخ دەبێتەوە، پێی باش نییە، مزگەوتی نوێ بنیات بنرێت، مەلاکان لەرۆژانی هەینیدا خوتبە بدەن. بەوێنەی شارچێکانی کوردستانی باشوور بەتایبەتی سلەیمانی کە دەڵێن لادێی خواردینی، ئەو بەجۆرێکی دی دەڵێت؛ موسوڵمان خواردینی، لەو شارەی تیا لەدایک بووم هەست بەغەریبی دەکەم، هەست ناکەم هۆڵەندیم.
مەترسی خۆی لەبارەی زیادبوونی ژمارەی موسوڵمانانەوە کە بەملیۆنێک دەخەملێنرێت، دەردەبڕێت؛ گەر وا بڕوات ژمارەی مزگەوت دوو هێندەی ژمارەی کڵێسا زیاد دەکات!
<u>لەبارەی مانەوەی موسوڵمانانەوە دەڵێت، گەر دەیانەوێت لێرە بمێننەوە دەبێت نیوەی لاپەرەکانی قورئان بدڕێنن، بۆیە وادەڵێم چوونکە بۆ خۆم قورئانم خوێندۆتەوە... ئەگەر محەمەد پێغەمبەر زیندو بێتەوە، بێتە ئێرە و داوای هەقی پەناهەندەیی بکات، وەک توندڕەوێکی مەترسیدار سنوورداشتی دەکەمەوە.</u>

هاوکات دیدی جیاوازتری لەسەر موسوڵمانان هەیە بەوەی؛ لەنێوماڵی خۆیاندا مافی حیجاب پۆشینیان هەیە و دەتوانن مەڕی قوربانی سەربڕن، بەڵام لەدەروە دەبێت وەک هەر هۆڵندییەک هەڵسووکەوت بکەن.
کە لێی دەپرسرێت ناترسی لەدژت خۆپیشاندان بکرێت؟ لەوەڵامدا دەڵێ: ئەگەر دەستم ئاوەڵا دەکەن ، ئەو کات دەزانن چییان پێدەکەم.
ئەو کاتە مەترسی بۆ سەر ژیانی زیاتر بوو، کە لەساڵی 2004دا تیرۆریستێکی عەرەبی مەغریبی هەڵسا بە تیرۆرکردنی دەرهێنەری سینەمایی ثیو فان جوخ! لەوکاتەوە بەهاوڕێیەتی بۆدی گارد دەردەکەوێت.
لەبەرانبەر نارەزایەتی باڵوێزی عەرەبی سعودی لەهۆڵند، داوای کردووە لەقسەکانی پاشگەز بێتەوە وداوای لێبووردن لەموسوڵمانان بکات، دەڵێت:

عەباس شوان AbasShiwan

**بەتەواوی عەقڵیان لەدەستداوە! ئەوە شەرمەزارییەکی گەورەیە وڵاتێک مافی ڕادەربڕینی تێدا نەبێت، بێت و وانەمان دابدات!** 070219

**بۆ زیاتر ئاشنا بوون بفەرموون بۆ سەردانی سایت – ماڵپەڕەکەی:**

http://www.pvv.nl